سەرۆك کۆمار: پێویستی بایەخدان بە پزیشکان و پاڕاستیکردنیان بە جێبەجێکردنی ئەرکە پزیشکی و مرۆییەکانیان

سەرۆك کۆمار د.لەتیف جەمال رەشید پشوازیکرد لە دکتۆر حەسەنین سەفا شوبر نەقیبی سەندیکای پزیشکان و وەفدی یاوەری.

سەرکایەتی کۆمار باویکردەوە لە سەرەتای دیدارەکەدا، کە ئەمە سەشەممە 7-5-2024 لە کۆشکی بەغداد بەڕێوەچوو، سەرۆك کۆمار پیرۆزبایی لە دکتۆر حەسەنین سەفا شوبر کرد بەبۆنەی هەڵبژاردنی وەك نەقیبی سەندیکای پزیشکان و هیوای سەرکەوتنی بە خواست لە کار و ئەرکەکانیدا، هاوکات سەرۆك کۆمار جەختیکردەوە لە ڕۆڵی گرنگ و پشتیوانانەی سەندیکا بە پشتگیریکردنی هەوڵەکانی حکومەت لەپێناو باشترکردنی دۆخی تەندروستی و چاودێریکردنی کاری کلینیکە تایبەتەکان و ڕێچاوکردنی نرخی پشکنینەکان، کە ئەوە بارگرانی لەسەر هاووڵاتیان کەمدەکاتەوە.

سەرۆك کۆمار ئاماژەیکرد بە پێویستی بایەخدان بە پزیشکان و پاڕاستیکردنیان بە جێبەجێکردنی ئەرکە پزیشکی و مرۆییەکانیان، جەختیشیکردەوە، کە پزیشکانی عێراق ناوبانگی باشیان لە زۆرێك لە وڵاتانی پێشکەوتودا هەیە.

لای خۆیەوە نەقیبی سەندیکای پزیشکان باسی لە شوازی بەڕێوەچونی کارەکانی سەندیکا و ئەو بابەتانە کرد، کە کاریان لەسەر دەکەن لەپێناو پەرەپێدان و بەرەوپێشبردنی بواری کاری تەندروستی و

چارەسەرکردن لە وەڵات و گرنگیدان بە پزیشکە نوێیەکان. هاوکات ئاماژەیکرد بە هەوڵەکانی سەندیکا بە هەموارکردنەوەی یاسای سەندیکای پزیشکان ساڵی 1984، چالاککردنی یاسای پاراستنی پزیشکان ساڵی 2013 و یاسای پاڕێپشتی پزیشکان ساڵی 2016.

هەروەها نەقیبی سەندیکای پزیشکان جەختی لەوە کردەوە، کە ڕێنماییەکانی بەڵێز سەرۆك کۆمار دەبێتە ڕێنوێنی کارکردنیان بۆئەوەی شان بەشانی پێشکەوتنەکان لە بواری پزیشکی هەنگاوبنێن لەگەڵی بەشداریکردن لە کۆنفرانسە پزیشکییە نێودەوڵەتییەکان یاخود سازکردنیان لە عێراق بەمەبەستی ئاوگەکردنی ئەزمون و زانیارییەکان سەبارەت بە پێشکەوتنی زانست و پێشخستنی شوازەکانی چارەسەری مەدەرن.